لەم ژمارەیەدا
ل٣ لە ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێتەوە
ل٤ بەرزبوونەوەی نرخ، چ كاردانەوەیەكی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵك هەیە ؟!
ل٥ هۆشی نەتەوایەتی و یەك ماڵی كورد
ل٦ چۆن دایكی خۆم دۆزیەوە

گەلرۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەكی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری كوردستان دەری دەكات
ژمارە (١٤١) یەكشەممە ٢٠٠٦/٢/٥

## تیلمان بە نیازە سەردانی كوردستان بكات

تیلمان زۆلش سەرۆكی رێكخراوی داكۆكیكردن لەو گەلانەی كە لەژێر هەڕەشەدان، لەنامەیەكدا كە كۆتایی مانگی رابردوو بۆ بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان مەسعود بارزانی رەوانەی كردبوو، داوای ئازاد كردنی دەست بەجێی دكتۆر كەمال سەید قادری كردووە. تیلمان لەنامەكەی خۆیدا دەڵێ: ئێمە هەوڵ دەدەین لەمیدیاكاندا كوردستان وەك وڵاتێكی ئاشتی خواز، هێمن و دیموكرات پێشانی جیهانیان بدەین بەڵام گیرانی دكتۆر كەمال سەید قادر ودادگایكردنی بەو شێوەیەگرفتی زۆری بۆ دروست كردووین، ئەمە كاریگەری خراپ لەسەر ناوبانگی كوردستان دادەنێ بۆیە پێویستە بە زوترین كات كێشەكە یەكلایی بكرێتەوە ناوبراو ئازاد بكرێت.

لەكۆتایی نامەكەیدا خۆشحاڵی خۆی بە گەشتە سەركوتووەكەی سەرۆكی هەرێم بۆ واشنتۆن و لەندەن و بەرلین دەربڕیوەو دیاری كردووە كە بە نیازە لە چەند مانگی داهاتوو خۆی و شاندێك سەردانی كوردستان بكەن.

# سوریا : كوردەكان ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەمینداری پارتی بەعس كۆببنەوە، بەڵام شاندێكی لایەنە سیاسیەكان سەردانی واشنگتۆنیان كرد

تایبەت بە رۆژی گەل: سەرچاوەیەك لەپارتی یەكێتی كورد لەسوریا بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند كە شاندێكی لایەنە سیاسیەكانی رۆژئاوای كوردستان، پێكهاتوو لەبەرێزان دكتۆر سەعدەدین مەلا لە پارتی یەكێتی كورد، كامەران حاجۆلە پارتی دیموكراتی كورد، خەلیل كەڕۆ لەپارتی ئازادی و شێركۆ عەباس كەسایەتی سەربەخۆ، لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا سەردانی واشنگتۆنیان كردووە. رۆژی ٢٠٠٦/١/٣٠ لەبارەگای وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ كاربەدەستانی حكومەتی ئەمریكا كۆبوونەتەوە. لەبەرانبەر ئەمەدا حكومەتی سوریا بانگهێشتی سەرۆك هۆزە كوردەكانی كردووە تا لەگەڵ بەشار ئەلئەسەد سەركۆماری سوریا كۆببنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك سەرۆك هۆزەكانی كورد بەرەو دیمەشق رۆیشتن، بەڵام لەكاتی دیاریكراودا بەشار ئەلئەسەد لەجیاتی خۆی یاریدەدەری ئەمینداری گشتیپارتی بەعس، محەمەد سەعید بخێتانی رەوانە كردبوو، سەرۆك هۆزەكان ئامادە نەببوون لەگەڵی دابنیشن. هەروەها ئامادەنەببوون ئەو نامەیەشی تەسلیم بكەن كە بۆ سەرۆك كۆماری سوریایان ئامادە كردبوو. سەرۆك هۆزەكان رایانگەیاند بوو كە ئەوان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كۆمەڵایەتی ئامادەن دیداری سەركۆمار بكەن، بەڵام ئەگەر دەوڵەت دەیەوێ كێشەی نەتەوەیی كورد چارەسەر بكات با لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسیەكان رێگەی دانووستاندن بگرێتەبەر. ئەوەی شیاوی باسە ئەمە یەكەمین جارە كە سەركۆماری سوریا بەفەرمی بانگهێشتی سەرۆك هۆزەكانی كورد بكات، هەروەها یەكەمین جاریشە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا بەفەرمی بانگهێشتی كوردانی كوردستانی لكێندراو بە سوریا بكات و لەگەڵیان كۆبێتەوە.

### نەتەوەیەكگرتووەكان:

## سەركەوتنی حەماس ئازادانە بووە

دوای ئەوەی رێكخراوی حەماس لەهەڵبژاردنەكانی ئەم دواییانەدا زۆرینەی كورسییەكانی پەرلەمانی فەلەسینی بەدەست هێنا، وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمریكاو وڵاتانی ئەوروپا گوشاریان بۆ سەر حەماس هێناو هەڕەشەی بڕینی كۆمەكی داراییان لەفەلەستینیەكان كرد. بۆ ئەم مەبەستە رۆژی هەینی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوەیەككگرتووەكان لە كۆبوونەوەیەكی تایبەت بەم كێشەیە دیاری كرد كە سەركەوتنی حەماس ئازادانە بووەو رەنگ لەخواستی گەلی فەلەستین دەداتەوە بەڵام دەبێ حەماس رێگەی ئاشتیانە لەگەڵ حكومەتی تەلئەبیب بگرێتە بەر. نەتەوەیەككگرتووەكان پابەند بوونی خۆی بە بەڵێنەكانی رابردووی سەبارەت بە ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دووپات كردۆتەوەو داوای لەحەماس كردووە كە بەشداری كاریگەرانە لەو پرۆسەیەدا بكات.

## باران زیان بەخەڵك دەگەیەنێ و بەغداش كارەبا لە هەرێم دەبڕێ



لەگەڵ ئەو شەپۆلە بارانە بەخوڕەی كە رۆژی هەینی ٢٠٠٦/٢/٣ باشووری كوردستانی گرتەوە. بەهۆی خراپی زێراب و ئاوەڕۆكان، لافاو زۆربەی شاروشارۆچكەكانی باشووری كوردستانی رووبەرووی مەترسی كردەوە. لەهەولێری پێتەختدا دەیان خانوو لەگەڕەكە میللیەكانی وەك بەهارو تەیراوەو سێتاقان رووخاندو چەندانی دیكەش ژێر ئاو خست زیان بە سەرو ماڵی خەڵك گەیشت. بەهەمان شێوە لافاو شاری رانیەوسەید سادقی گرتەوەو چەندین ماڵی ژێر ئاو خست، خەڵك بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ماڵەكانیان بەجێهێشت. شاری سلێمانی و كەركوكیش لە لافاو بێ زیان دەرنەچوون، چەندین خانوو ژێر ئاو كەوتن و زیان بەوڵاتایان گەیشت. لەلایەكی دیكەشەوە وەزارەتی كارەبای حكومەتی بەغدا لەبەرنامەی نیشتیمانیدا ٢٥٠ مێگاوات وزەی كارەبای بۆ پارێزگای سلێمانی تەرخان كردبوو. لەماوەكانی رابردوودا ئەم وزەیەی بۆ٥٠ مێگاوات كەم كردبۆوە، رۆژی شەممە لەكاتێكدا باران زیانەكانی خۆی ئاشكرا دەكرد، وەزراەتی كارەبای بەغدا بەبێ هیچ ئاگاداركردنەوەیەك ئەو ٥٠ مێگاواتەشی لە پارێزگای سلێمانی بڕی بەمەش شەتداونێكی گەورە لە سیستەمی وێستگەكانی كارەبای هەرێم روویداو چەندین زیانی پێگەیاندن.

### باكوری كوردستان:

## چەمكی یەك، زمان یەك نەتەوە رەتدەكەینەوە



دوای ئەوەی سەركۆماری توركیا لەچەندین بۆنەدا جەختی لەسەر یەك زمانی، یەك نەتەوەیی توركیای كردۆبوە،دەنگی نارەزای لەنێو گەلی باكووری كوردستان بەرزبۆوە. عەبدوڵڵا دەمیر باش سەرۆكی شارەوانی سورێی سەر بە پارێزگای ئاماد لە راپۆرتێكی تایبەتدا كە بۆ كۆنسەی ئەوروپای ناردووە، دووپاتی كردۆتەوە كە لەتوركیادا چەندین زمان و چەندین نەتەوە هەن، دەبێ شارەوانیەكان ئازاد بن و بە زمانی خەڵكی ناوچەكە خزمەت بە دانیشتوان بكەن. لەبەر ئەم راپۆرتە دەستەیەكی تایبەت لەوەزارەتی ناوەخۆی توركیا لێپرسینەوەیان لەگەڵ عەبدوڵڵا دەمیر باش كردووە، ئەو پێی لەسەر خواستی خۆی داگرتووەوگوتویەتی: ئێمە لەگەڵ پێشكەوتنی دیموكراسیانەی توركیا داین ،توركیاش وڵاتێكی فرە فەرهەنگو فرە زمانە، بە ئازاد كردنیان دیموكراسی لەوڵات بەرقراو دەبێت. بە گوێرەی هەواڵ چەندین سەرۆكی شارەوانی دیكەش پشتیوانی لەعەبدوڵڵا دەمیر باش دەكەن و بەنیازن بە هاوبەشی چەمكی یەك زمان یەك نەتەوە پرۆتستۆ بكەن.

## ڕۆژەڤ

ماوەیەكە دەنگۆی هاوپەیمانێتی نێوان شیعەو سوننە لەبەرانبەر كورد بۆپێكهێنانی حكومەتی عێراق بۆتە رۆژەڤی میدیاكانی عەرەبی. عەرەبە توندڕەوەكان زۆر شێلگیرانە پاڵپشتی لەهاوپەیمانێتی نێوان شیعەو سوننە دەكەن، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتیە لایەنە سیاسیەكان هاندەدەن، بەگرەنتی و مەرجی سەرەكی ناسنامەی عەرەبێتی عێراقی دادەنێن. زۆرێك لەعەرەبە توندڕەوەكان مەبەستیان لەهاوپەیمانێتی نێوان شیعەو سوننە ئەوەیە تا پۆستی سەركۆمار بە كورد نەدرێ و كورد لەپۆستە گەورەكان بێبەش بكرێ و دەستەڵاتی هەرێمە فیدراڵیەكانیش كەم بكرێتەوە. كەچی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەخەمی یەكپارچەیی عێراق دایەو زۆر لێبڕاوانە هەوڵی رێككەوتن لەگەڵ لیستە براوەكان بۆ پێكهێنانی حكومەت دەدا. رێككەوتنی نێوان نوێنەرانی پێكهاتەكانی عێراق بە مەرجی سەركەوتنی حكومەتی داهاتوو لێكدەداتەوەو كاری بۆ دەكات. رێككەوتنی نێوان نوێنەرانی پێكهاتەكانی عێراق حكومەتێكی لەرزۆكی لێدەكەوێتەوە، بەڵام هاوپەیمانێتی نێوان لیستەكان دەكاری حكومەتێكی بەهێز پێكبهێنێ. بە هاوپەیمانێتی شیعەو سوننە و قۆرخكردنی دەستەڵات بۆعەرەب، كورد دەكەوێتە دەرەوەی بازنكەوە بەڵام نەتەوەی كورد زیانی پێناكەوێ. ئەگەر عەرەب بیەوێ كورد لەدەستەڵاتی ناوەند بێبەری بكات و رەوانەی كوردستانی بكاتەوە، كورد ناچار دەبێ بەرەو بەراستیكردنی خەونەكانی خۆی هەنگاو هەڵبگرێتەوە.

بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان لەبنەڕەتەوە بۆ رزگاری نەتەوەیی و پێكهێنانی نیشتیمانێكی سەربەخۆ هاتۆتە كۆڕی تێكۆشانەوە، بەڵام سەركردایەتی سیاسی كوردستان لەپەنای هەڕەشەكانی دەرەكی و ناوچەییەوە هەمیشە لەدەورەی ناوەند خولاوەتەوەو پەرۆشی بەشدارییپێكردن لەدەستەڵات بووە. ئەمڕۆ هێزە عەرەبیەكانی عێراق و جیهانی عەرەبی هەست بەناسكی بارودۆخەكە دەكەن و ئامادە دەبن لەدەستەڵات سووكە بەشێك بە كورد بدەن. ئەگەر لەبەر هەستەوەری رەوشی نێودەوڵەتی و گێژاوی ناوەخۆیی نەبێ هەر لەئێستاوە هێزە رەگەزپەرست و مەزهەبیەكان سیاسەتی دەستەڵاتدارانی پێشوو درێژە پێدەدەنەوەو بە گژ كورد دا دەچنەوە. سەركردایەتی سیاسی كورد دەبێ ئەو دیوی سیناریۆكانی سیاسەتی هێزە رەگەزپەرستەكان بخوێنێتەوە، ئەوەتا هەموو عەرەبی عێراق بەشیعەو سوننەوە، بە مەزهەبی و عەلمانیەوە، بەدیموكراتخواز و پێشكەوتنخوازەوە لەبەرانبەر كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی دیكەی باشووری كوردستان هاوهەڵوێستن. هەموو هێزە عەرەبیەكانی عێراق بۆكپككردنی دەنگی كورد ئامادەن هاوكاری داگیركەرانی پارچەكانی دیكەی كوردستان بكەن. لەخوێندنەوەی هاوكێشە سیاسیەكانی جیهانی خاڵی پرشنگدار بەرانبەر بە دۆزی كوردستان دێنە دەست و دەكرێ سوودمەندانە دەكاریان بكەین. نابێ كورد لەهاوپەیمانێتی نێوان شیعەو سوننە نیگەران بێ، هەرچەندە بەو شێوازە لەناوەند بێبەش دەبێ، بەڵام دەبێتەوە خاوەنی راستەفینەی كوردستانەكەی خۆی. ئەوكاتە گلەی و رەخنەی ناوچەیی و جیهانی ئەگەر هەبێ رووبەرووی كورد نابێتەوە، عەرەب خۆی فاكتەری سەرەكی هەڵوەشانەوەی عێراق كایە دەكات و كوردیش تێیدا سەركەوتوو دەبێ.

## بازرگانیكردن بەمرۆڤ و هێرۆین لەدەست تورك دایە

بەگوێرەی راپۆرتێك كە لەلایەن كۆنسەی ئەوروپاوە ئامادكراوە ،تەواوی قاچاغچێتی مادە بێهۆشكەرەكان و بازرگانی كردن بەمرۆڤ لەسەرتاسەری ئەوروپا لەلایەن باندەكانی توركەوە بەڕێوەدەچێ. رۆژی ٢٠٠٦/٢/١ ئەو راپۆرتەی كۆنسەی ئەوروپا كە لەشاری ستراسبۆرگەوە بە میدیاكان درا، تێیدا هاتبوو لەوڵاتانی وەك ئەڵمانیا، بەریتانیاو هۆڵەندا بەرێژەیەكی زۆر بازرگانی بە هێرۆین دەكرێت و رێكخراوە توركیەكانیش بەڕێوەی دەبەن. لەراپۆرتەكەدا ئاماژە بەوەكراوە تەنیا لەوڵاتی هۆڵەندا ١١ تورك بەو تاوانەوە گیراون، هەروەها ژمارەیەكی زۆریش خۆیان شاردۆتەوە. بە گوێرەی راپۆرتەكە تەنیا لەتوركیادا ساڵانە ٣٦٠ ملیۆن دۆلار قازانج لەو ژنانە دەكرێت كە بەدرەوشتی و بازرگانیان پێدەكرێت. بەگوێرەی راپۆرتەكە توركەكان فێڵ لەژنانی ئۆكرانیاو مۆڵدۆڤیا دەكەن و بەناوی كاركردن دەیان بەنە توركیا، لەوێش بەزۆرەكی ناچاریان دەكەن لەتیاترۆخانەكاندا كاربكەن. بە گوێرەی راپۆرتەكە ساڵی ٢٠٠٥ مافیای تورك ٤٦٩ ژنیان لەوڵاتان رفاندووەو لەبواری بەدرەوشتیدا كاریان پێكردوون. راپۆرتەكە داوا دەكات كە وڵاتانی ئەوروپا هاوهەڵوێستی لەبەرانبەر ئەو مەترسیە گەورەیە بنوێنن و كار بۆبنبڕكردنی ئەو باندانە بدەن كە بازرگانی بە مرۆڤ و مادە بێهۆشكەرەكانەوە دەكەن.

